جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی بە پێی ناوەڕۆک و شێواز :

یەکەم : مێژوویی :-

" مرۆڤ ڕۆڵەی ڕابردوو و دایکی داهاتووە لەبەر ئەمە ئەگەر مرۆڤ ڕابردووی خۆی بەباشی نەناسێت لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئەمڕۆش بێ توانا دەبێت ".

مێژوو بەشێکە لە پرۆسەی فێربوون کە ئەرکی خوێندنەوە و نووسینەوەی ڕابردووی هەیە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی مێژوویی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو ڕاستیانەی کە لە ڕابردوو ڕوویان داوە، لەبەر ئەمە توێژینەوەی مێژوویی جۆرێکە لە توێژینەوە کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کە لە ڕابردوو و لە قۆناغێکی زەمەنی دەست نیشانکراو ڕووی داوە، ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە لە توێژینەوە بە کەڵک وەرگرتن لە بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکان ئەنجام دەدرێت لەبەر ئەوەی بتوانێت لەم ڕێگەیەوە تایبەتمەندیە گشتی و هاوبەشەکانی ڕووداو و دیاردە مێژوویەکان دیاری بکات و هۆکارەکانی ڕوودانی ئەم ڕووداوانە باس بکات. وەکو هۆکارەکانی سەرهەڵدان و لەناوچونی دەوڵەتێک.

" ئەلڤین تۆفلێر "(Alvin Tofler) لە کتێبی " شەپۆلی سێیەم " لە ڕێگەی خوێندنەوە مێژوویەکانی توانی تیۆری "کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و مێژووی کۆمەڵگاکان " بخاتە ڕوو ، ئەو ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ بۆ سێ شەپۆل دابەش کرد :

١. شەپۆلی یەکەم : قۆناغی کشتوکاڵیە کە شارستانیەتی کشتوکاڵی لەم سەردەمە دروست دەبێت. لانکەی ئەم قۆناغە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێوان دوو زێکە یان بەینونەهرەینە.
٢. شەپۆلی دووەم : قۆناغی پیشەسازیە. لانکەی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا .
٣. شەپۆلی سێیەم : قۆناغی سەروو پیشەسازیە کە لانکەی ئەم قۆناغە ئەمریکایە .

بە پێی ئەم تیۆریە دەتوانین ئەم گریمانەیە بخەینە ڕوو کە : " ڕۆژی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتەوە سەری هەڵداوە و لە ڕۆژئاواش ئاوا دەبێت ".

- کێشەکانی بەردەم توێژینەوەی مێژوویی :

١. ئامادە نەبوونی توێژەرلە گۆڕەپانی ڕووداوەکان. بەم شێوەیە توێژەرناتوانێت بگۆڕەکان دەستکاری و کۆنترۆڵ بکات یان ناتوانێ خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری و بەڵگەنامەکان کۆبکاتەوە .
٢. لەبەر دەست نەبوونی هەموو بەڵگەنامەکان. چونکە توێژەرناتوانێ هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە بۆ توێژینەوەکەی پێویستیەتی ئامادە بکات و کۆیان بکاتەوە، لەم بارودۆخەدا توێژەربە مەبەستی تەواوکردنی زانیاریەکانی ڕوو لە گومانی تایبەتی خۆی دەکات .
٣. هەموو سەرچاوەکان جێگای متمانە نین وەکو ئەو قسانەی کە پشتاوپشت پێمان گەیشتووە .

- چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان :

١. تاوتوێ کردنی بەڵگەنامەکان :- توێژەردەبێت بەڵگەنامەکان تاوتوێ بکات لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەی لەسەر بەڵگەنامە باوەڕ پێکراوەکان دابڕێژێت .

٢. بەڵگەنامەکان کەم و کورتیان تێدا نەبێت :- بەو مانایەی هەتا ئەو جێگایەی دەڕەخسێت توێژەرئەو بەڵگەنامانە کۆبکاتەوە کە هیچ کەم و کورتیەکی تێدا نەبێت و بتوانێت بەم شێوەیە پەیوەندیەکی لۆژیکی لە نێوان بەڵگەنامەکان دروست بکات .

٣. پاراستنی بێلایەنی :- بەم مانایە توێژەرتوێژینەوەکەی لە بۆچوونەکانی خۆی بپارێزێت و لە ڕێگەی بەراورد کردن لە نێوان بەڵگەنامەکان و شیکردنەوەی لۆژیکی بۆیان کەم و کورتی و بۆشایی نێوان بەڵگەنامەکان پڕبکاتەوە .

- ئەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەی مێژوویی بەکاردێت لە ڕووی گرنگیەوە :

١. سەرچاوەی نوسراو : بریتیە لەو بەڵگەنامانەی کە نوسراون وەک (کتێب - گۆڤار - ڕۆژنامە - ژیاننامە - ڕەگەزنامە - ڕای دادگاکان - وەسیەت نامە - پەیماننامە - ڕاپۆرتی فەرمی – یاداشتی ڕۆژانە - نوسراوێک کە زۆر کۆن بێت .....) ، کە زۆربەی تاکەکان یان خۆیان نوسیویانە یان کەسێک لەوێ بووە و نوسیویەتی .

٢. سەرچاوەی زارەکی :- بریتیە لەو سەرچاوانەی کە پشتا و پشت گوازراونەتەوە واتە لە جیلێکەوە گەیشتوە بە جیلێکی تر. کەواتە بۆتە بەشێک لە بیرەوەریەکانی خەڵک وەک (مەتەڵ – فۆلکلۆر – داب و نەریتی نەتەوەیی – ئەفسانە - وتووێژ - نوکتە - هۆنراوە - مۆسیقا) کە هەموو ئەمانە بیستراون پاشان باسکراون یان بە شریت تۆمار کراون .

٣. سەرچاوەی وێنەیی : ئەم سەرچاوانە لە قۆناغەکانی دوایی و پاش داهێنانی ئامێرەکان یان ئامێرە پێشکەوتوەکان لە بواری وێنەگرتن وەک وێنە و ڤیدیۆ گەشەیان کردووە کە لە ڕابردوو ئەم سەرچاوانە سنووردار بوونە واتە لە سنووری تابلۆ کێشراوەکان تێپەڕیان نەکردووە بەڵام لە سەردەمی خۆمان ئەو سەرچاوانە گەشەی زۆریان کردووە و بە دڵنیاییەوە لە داهاتوو گەشەی زۆرتر دەکەن وەکو (وێنە - فیلمی دۆکیۆمێنتاری – نەخشە - ئەو وێنانە کە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە دەگیرێن) .

٤. سەرچاوە لە جۆری بیناسازی : ئەو سەرچاوانە ئاواژە بەو بینایانە دەکەن کە لە قۆناغە مێژوویەکان دروست کراون و هێشتا ئاسەواریان ماوەتەوە. کەواتە زانیاری زۆر باششیان تێدایە دەربارەی سەردەمی خۆیان وەکو (کۆشکەکان – پردەکان – شەقامەکان – بەردی سەر گۆڕەکان – زیارەتگاکان – قەڵاکان ....).

٥. سەرچاوەی ماددی یان کەرەستەیی : ئەم سەرچاوانە لە قۆناغە مێژوویەکان ماونەتەوە، کۆنەوار ناسان بە شیکردنەوە بۆ ئەم سەرچاوانە دەتوانن تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە دیاری بکەن وەکو (قاپ و قاچاغ –

کەرەستەی کشتوکاڵی – کەرەستە دەستکردەکانی ناو ماڵ – جل و بەرگ – سکە - پەیکەر – کەرەستەی مۆسیقا – گۆزە - ئێسکە پەیکەر).

- چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان لە توێژینەوەی مێژوویی :

بۆ ئەوەی بزانین تا چەند دەتوانین پشت بە بەڵگەنامەکان ببەستین و تا چەند بەڵگەنامەکان جێی متمانەن دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ بەڵگەنامەکان بکەین ئەمەش بە دوو شێواز دەبێت:

١. هەڵسەنگاندنی دەرەکی : توێژەرڕاستی و بوونی ڕەسەنایەتی بەڵگەنامەکان تاوتوێ دەکات واتە ئایا ئەو بەڵگەنامانە لە ڕاستی نزیکە یان دوورە ؟ ئایا ئەگەری هەیە بەڵگەنامەکان تەزویر بێت ؟ کەواتە توێژەردەبێت بەڵگەنامەکان لەگەڵ بەڵگەنامەکانی دیکە بەراورد بکات. بۆ نمونە دەبێت دوای هەڵسەنگاندنی (واژوو – مۆر – جۆری دەستخەت – جۆری کاغەز – جۆری مەرەکەبی بەکارهاتوو – چۆنیەتی نووسین .....) لە ڕاست و دروستی و ڕەسەنایەتی ئەو بەڵگەنامەیە دڵنیا ببێتەوە .
٢. هەڵسەنگاندنی ناوەکی : پاش هەڵسەنگاندنی دەرەکی و دڵنیابوون لەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکە هەیە هەڵسەنگاندنی ناوەکی بەڵگەنامەکان دەست پێ دەکات. ئایا زانیاریەکان دروستن و وێنەیەکی ڕاست و دروستی ڕووداوەکە بە ئێمە دەدەن ؟ ئایا ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەی پێشتر سەلمێنراوە یەک دەگرنەوە ؟ ئایا بەڵگەنامەکان لە ژێر فشار و مەترسی دروست نەکراوە ؟

بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی ناوەکی و دەرەکی کارێکی زەحمەتە هەروەها هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری دەوێت ، بەڵام بۆ ئەوەی توێژینەوەیەک ئەنجام بدەین کە لە ڕووی زانستیەوە نرخی هەبێت هیچ ڕێگا چارەیەکی ترمان نیە جگە لەوەی ئەم هەڵسەنگاندنانە ئەنجام بدەین بە پێچەوانەی ئەمەوە توێژینەوەکەمان بەهایەکی زانستی نابێت .

---

دووەم : توێژینەوەی ئەزموونی :-

- پێناسە :
- کێشەکانی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان :
- تایبەتمەندیەکانی :

- پێناسە : لە پێناسەی ئەم توێژینەوەیە دەوترێ کە توێژینەوەی ئەزموونی بریتیە لە شێوازێکی سیستەماتیک و لۆژیکی و ژیرانە بۆ وەڵام دانەوە بە پرسیارەکان. لەم جۆرە توێژینەوەیە توێژەر هەوڵ دەدات کە وەڵامی ئەم

پرسیارە بداتەوە کە چی دەبێت یان چی ڕوودەدات ؟ بە وتەیەکی دیکە توێژینەوەی ئەزموونی بریتیە لە تاوتوێ کردنی ئەگەری بوونی پەیوەندی علت و معلول (cause and effect relation) لە نێوان دوو گروپ یان دوو دیاردە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و بەراوردکردن بە شێوەیەک کە بارودۆخی بگۆڕی سەربەخۆ لەلایەن توێژەر گۆڕانکاری بەسەردادێت بەڵام بگۆڕی گرێدراو یان وابەستە وەکو خۆی دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی بزانێت کە گۆڕانکاری لە بگۆڕی سەربەخۆ چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر بگۆڕی وابەستە. هەروەها کە لەسەرەوە باسمان کرد توێژەر دەیەوێت بزانێت کە چی ڕوودەدات ؟

لەم توێژینەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ بابەت و دیاردە سروشتیەکان و ماددیەکان بەکاردێت بابەتی توێژینەوە دەکرێتە دوو بەش ، یەکەم گروپی ئەزموون، دووەم گروپی کۆنترۆڵ یان شاهێد. چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دەبێت کە توێژەریەک یان چەند بگۆڕی سەربەخۆ لە گروپی ئەزموون دەسکاری دەکات و دەرئەنجامەکانی لەگەڵ بگۆڕ یان بگۆڕە دەسکاری نەکراوەکانی گروپی کۆنترۆڵ یان شاهێد بەراورد دەکات و پاشان دەرەنجامەکانی دەخاتەڕوو و دەتوانێت گشتاندنی دەرەنجامەکانی بکات بۆ توێژینەوە هاوشێوەکانی. بۆ نمونە گۆڕانکاری لە قەبارەی فۆنتی کتێبێک چ کاریگەریەک لەسەر ڕێژەی تێگەیشتنی قوتابیان دروست دەکات ؟

هەرچەندە باسی ئەوەمان کرد کە ئەم جۆرە لە توێژینەوە لە زانستە سروشتیەکان بەکاردێت بەڵام دەکرێت لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکانیش بەکاربێت، بەڵام بە گشتی توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتیەکان روو لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوە ناکەن ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک :

١. توێژەرناتوانێت وەکو پێویست دەستکاری بگۆڕە سەربەخۆکان بکات .
٢. لە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ڕووداوەکان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە یان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت کەواتە ناتوانین دەرئەنجامی توێژینەوەیەک لە سەردەم و وڵاتێک بۆ سەردەم و وڵاتێکی دیکە بەکاربهێنین بە پێچەوانەی زانستە سروشتیەکان کە دەتوانین ئەو کارە بکەین .
٣. توێژینەوەی ئەزموونی لە ڕێگەی هەندێک یاسای فیزیا و بیرکاری و ... ، ئەنجام دەدرێت کەواتە لە ڕێگەی ئەو ئامێر و شێوازانە ئەنجام دەدرێن کە زۆر دەقیق و ڕاستن لەبەر ئەمە دەرئەنجامەکانیشیان زۆر دەقیق و ڕاست دەر دەچن بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان زۆر ئەستەمە . بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە توێژینەوەی ئەزموونی یەکێک لە شێوازە کۆنەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەیە بەڵام لە هەمان کاتدا لە درووست ترین و باوەڕپێکراوترین و بەهێزترین شێوازەکانی دۆزینەوەی ڕاستیەکان و پەرەپێدانە بە چوارچێوەی زانستی مرۆڤ .

- تایبەتمەندیەکانی توێژینەوەی ئەزموونی بە شێوەیەکی کورت :

١. کۆنترۆڵکردنی بگۆڕەکان لەلایەن توێژەر.

٢. هەڵبژاردنی گروپێک بە ناوی گروپی کۆنترۆڵ یان شاهێد لەبەر ئەوەی بەراورد بکرێن لەگەڵ گروپی ئەزموون .
٣. توێژەرهەوڵ دەدات بارودۆخی توێژینەوەکە بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی خۆی .
٤. دەرەنجامەکانی توێژینەوە وەڵامی پرسیار و گریمانەکان دەداتەوە کەواتە گریمانەکان یان پەسەند دەکرێن یان ڕەت دەکرێنەوە .
٥. تاوتوێکردنی کاریگەری پەیوەندی لە نێوان بگۆڕەکان .
٦. دەرئەنجامەکان گشتاندنیان بۆ دەکرێت بۆ ئەو توێژینەوانەی کە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەن کە ئەنجام دراون.

*توێژینەوەی وەسفی :*

توێژینەوەی وەسفی : جۆرێکە لە توێژینەوە کە توێژەر وەسفی ئەو شتە دەکات کە هەیە. ئامانجی توێژەرلەم توێژینەوەیە وەسفی دروست و ڕێک و پێک و بێ کەم و کورتی تایبەتمەندیەکانی بارودۆخ یان بابەتێکە بەڵام توێژەربە هیچ شێوەیێک مەبەستی نیە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە هۆکارەکانی ڕوودانی ئەم بارودۆخە یان ئەم بابەتە چی بووە.

لەم توێژینەوەیە توێژەرهەوڵ دەدات کە بابەتەکانی بە هەمان شێوە کە بوونیان هەیە باس بکات بە بێ ئەوەی هیچ کەم و زیادێک یان دەستکاریەک بۆ زانیاریەکان بکات و لە کۆتاییدا دەرئەنجامێکی ڕاستی لەم بارودۆخە بۆ دروست ببێت . لێرەدا توێژەربە پلەی یەکەم گرنگی بە سەردەمی ئێستا دەدات هەرچەندە لەوانەیە گرنگی بەو بابەتانەش بدات کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و پەیوەندی بە سەرەمی ئێستا ماوە. ئەم جۆرە لە توێژینەوەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زانستە سیاسییەکان ، کۆمەڵناسی ، جوگرافیا و بە شێوەیەکی گشتی لە زانستە مرۆڤایەتیەکان بەکاردێت. بۆ نمونە (کاتێک ڕاو بۆچوونی هاوڵاتیان لەسەر کاندیدێکی هەڵبژاردن تاوتوێ دەکەین توێژینەوەیەکی وەسفیمان ئەنجام داوە) .

- ❖ توێژینەوەی وەسفی دەبێتە سێ بەش : ( بەراوردی ، خەمڵاندن ، تەواو وەسفی).

یەکەم . توێژینەوەی وەسفی بەراوردی : لەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی پێوانەکردن و ئەندازەگرتن لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا زانیاریەکان کۆدەکرێنەوە و وەکو ئەو سەر ژمێریە گشتیانە کە هەر چەند ساڵێک جارێک لە وڵاتێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. لەم توێژینەوەیە نە گریمانەیەک دەخەینەڕوو نە پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان دیاری دەکەین و نە هیچ ڕاسپاردەیەکمان دەبێت بەڵکو تەنها بارودۆخەکە چۆن بێت بە هەمان شێوە باسی دەکەین .

بۆ نمونە : لە توێژینەوەیەک کە لەسەر وشیاری خەڵک لەسەر کاندیدەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئـەنجام درا دەرکـەوت کـە لـە ١٧% ی ئەوانـەی ١٣ سـاڵان بـوون و لـە ٤٩% ی ئەوانـەی ١٧ سـاڵان بـوون دەزانـن بەربژێرەکانی سەرۆک کۆماری لە کۆبوونەوەی گشتی حیزبەکان دەخرێنەڕوو . هەروەها لە ٧٥% ی ئەوانەی ١٣ ساڵان بـوون و لـە ٩٠% ی ئەوانـەی ١٧ سـاڵان بـوون دەزانـن کـە سـیناتۆرەکانی ئـەمریکا لەلایـەن خـەڵک هەڵدەبژێردرێن .

دووەم . توێژینەوەی وەسفی خەمڵاندن : توێژینەوەیەکە توێژەر دەیەوێت لـە ڕێگـەی ئـەو زانیاریانـەی کـە لـە توێژینەوەکـەی بـە دەسـتی هێنـاوە یاسـا گشـتیەکان دیـاری بکـات، لێـرەدا لەوانەیـە لەگـەڵ دەرئەنجامـەکان ڕاسپاردەشمان هەبێت. لەم توێژینەوەیە مەبەست لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەسەر بابەتێک ئەوەیە کە بکرێت بە بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندن، واتا بە کۆکردنەوەی زانیاریەکان توێژەردەگات بە دەرئـەنجام و هەڵسـەنگاندنێکی گشتی .

بۆ نمونە : تاران وەکو شارێکی سیاسی و ئیداری و پایتـەختی ئێـران لـە ڕووی ژمـارەی دانیشـتوان تووشـی زۆر گرفت بۆتەوە ، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت لەوانەیە بارودۆخ لە داهاتوو دا لە ڕووی (ئەمنی – تەندروستی – تاوان – زیاد بوونی نرخەکان – هەڵاوسانی ئابووری - ... هتد ) خراپتر بێت ، کەواتە دەبێت چی بکرێت ؟ بـۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو توێژەردەبێت شیکردنەوە بۆ بارودۆخی ژمارەی دانیشتوان بکات .

بۆ نمونە : ژمارەی دانیشتوان چەند کەسن ؟ چەند کەسیان لە شوێنەکانی دیکەوە هاتوون ؟ ئەوانەی لە دەرەوەی شار هاتوون لە کوێ نیشتەجێن ؟ پێداویستیە تەندروستیەکانی شار چەنـدە ؟ شـوێنە گشـتیەکان و پارکـەکان تـا چەند گونجاون ؟ بودجەی شار چەندە ؟ بارودۆخی ترافیک بە چ شێوەیەکە ؟

لە قۆناغی دووەم ، ئامانجەکانی داهاتوو لە چوارچێوەی ویستراو پێشبینی دەکرێت .

ژمارەی دانیشتوانی تاران لە بیست ساڵی داهاتوو دەبێتە چەند ؟ ئایا بـە پێـی ئـەو ژمـارە دانیشـتوانە دەتوانرێـت پێداویستیە تەندروستیەکان دابین بکرێت ؟ چەند سەنتەری گەشت و گـوزار و پـارک و مەکتـەب و ... پێویسـتە دروست بکرێت ؟

لە قۆناغی سێیەم ، چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان لە ڕێگـەی تـاوتوێ کـردن و هەڵسـەنگاندنی زانیاریـەکانی قۆناغی دووەم دیاری دەکرێت . بۆ نمونە پارک و سەنتەرەکانی گەشت و گوزاری لە چ شوێنێک دروست بکـرێن، چەندە باج بخرێتە سەر کاڵاکان ، جێبەجێکردنی ئەم پلانە گشتیە چ کاتێک دەست پێ بکات .

سێیەم : توێژینەوەی بە تەواوەتی وەسفی : لێرەدا ئەو بگۆڕانە دیاری دەکرێن و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت کە لە ئێستادا بوونیان هەیە .

له توێژینەوەی وەسفی ناکرێت توێژەر بە پێی ئەو زانیاریانەی کە کۆکراوەتەوە بڕیار بدات . بـۆ نمونـە : تـوێژەر توێژینەوەیەک لەسەر ڕێژەی لایەنگری بۆ سەرۆک کۆمار لە وڵاتێک دەکات پاشان بۆی دەر دەکەوێت کە ڕێـژەی لایەنگری بۆ سەرۆک کۆمار لە ٪۸۰ دابەزیوە بۆ لە ٪۴۰ لێرەدا توێژەر ناتوانێت ئەو بڕیارە بدات کـە پێویسـتە هەڵبژاردنێکی پێش وەختە بکرێت بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمارێکی نویێ هەڵبژێردرێت .

ئەو دامەزراوە بەناوبانگ و جیهانیانەی کە زۆر شێوازی توێژینەوەی وەسفی بەکـار دێـنن بـریتین لە : کراسـلی ( Crossley ) ، گالۆپ ( Gallup ) ، هەریس ( Harris ) و ڕۆپێر ( Roper ) .

دەتوانین بڵێین توێژینەوەی وەسفی زۆرتر ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەنجامـدانی توێژینەوەکـانی دیـکە . بـۆ نمـونە توێژینەوەی وەسفی دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی وڵات و پاشان ئەو منداڵانەی کە لەساڵی داهاتوو دەبێت بڕۆن بۆ قوتابخانە ، وەزارەتی پەروەردە ئاگادار دەکاتەوە کە بۆ ساڵی داهاتوو دەبێت چەنـد قوتابخـانەی نـویێ دروسـت بکرێت و چەند مامۆسـتای نـویێ دابمەزرێـت ، کەواتـا ئەم تـوێژینەوەیە زەمیـنە خـۆش دەکـات بـۆ ئەنجامـدانی توێژینەوەکانی دیکە .